NHS

Cancer Screening Programmes

Kurdish

# پرۆگرامی NHS بۆ تاقیکردنه وه‌ی نه خۆشیی شێرپه نجه‌ ی ریخۆڵه



ئه م نامیلکه یه شێوه‌ی به کارهێنانی چه پکی تاقیکردنه وه‌ت بۆ روون ده‌کاته وه.
**تکایه به وردی بیخوێنه وه.**

له ناو چه پکی ناوبراودا، چاوت به مانه ده‌که وێت:

☑ زه‌رفێکی ناردنه وه که پوولی لێدراوه
☑ 6 کارتی باریکی بچووك
☑ کارتی بچووکی ره‌نگ پرته قاڵی و سپی بۆ تاقیکردنه وه




**خاڵێکی گرنگ:**

ئه گه ر چه پکه که ت نه کرابێته وه ئه وا ده‌توانی بۆ چه ند مانگ به کاری بێنیت، به ڵام له پاش کردنه وه‌ی پێویسته به ته واوی ئه نجامی بده‌یت و **له ماوه‌ی 14 رۆژ** پاش ئه نجامدانی یه که م تاقیکردنه وه به ده‌ستمان بگات.

تکایه سه رنجی ئه وه بده که ئه م چه پکه له رۆژانی کۆتایی هه فته دا تاقی ناکرێته وه

## 1. پێش ئه نجامدانی تاقیکردنه وه

پێش ئه وه‌ی له سه ر ته والێت دابنیشیت ئامرازه‌کانی تاقیکردنه وه‌که ت ئاماده بکه : ئامرازه‌کان له زه‌رفه که ده‌ربکه و دوو کارته بچووکه ئاماده له به ر ده‌ستت دابن.




ده‌ست له و شوێنه مه ده که له سه ری نووسراوه ’مه یکه وه‘ بۆ دڵنیابوون له وه‌ی که ئه نجامی تاقیکردنه وه‌که ت هیچ ده‌ستکارییه ك نه کراوه.



ئامرازه‌کان له 3 به ش پێکهاتوون، و هه ر به شه ش تایبه ته به 3 پیسایی جیاوزا.

هاوکات ته نیا یه ك لا بکه وه.

سێ به شه که له یه کتر جیا مه که وه.

## 2. ئه نجامدانی تاقیکردنه وه‌که

له و به شه ی که وا **ناوتی له سه ر چاپ کراوه**، رێکه وتی رۆژ له سه ر به شی 1 و له شوێنی دیاریکراودا بنووسه.



- به شی ژماره 1 لێ بکه وه.
- چاوت به دوو ’په نجه ره‘ ی بچووك ده‌که وێت و نموونه که ت له وێ داده‌نێیت.
- ئامرازه‌کان و کارته کان له به ر ده‌ستت دابنێ بۆ ئه وه‌ی به هاسانی ده‌ستت پێیان رابگات.

## 3. وەرگرتنی نموونەی یەکەم

- گرنگە کە ئەو پیسایییەی لە ریخۆڵەت وەری دەگریت نەکەوتبێتە ناو تەوالێتەوە، چونکە ئەمە کاردانەوەی لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەدا دەبێت. بەم شێوانەی خوارەوە دەتوانی نمونەی پیسایی لەشت وەربگریت:
  - کاغەزی تەوالێتی قەدکراو
  - دەستکێشی پلاستیك لەدەست بکەیت و بەدەست بیگریت
  - دەفرێکی پاك و خاوێن کە بشێیت فرێی بدەیت

- بە کارتێکی باریك نموونەیەك لەو پیساییە هەڵبگرە کە وەرت گرتوە و بەسەر پەنجەرەی یەکەمدا بڵاوی بکەوە.



- بە کارتێکی باریکی تر نەختێکی تر پیسایی لە شوێنێکی جیاواز هەڵبگرە و بە تەنکی بەسەر پەنجەرەی دوەمدا بڵاوی بکەوە.

## 4. دوای ئەوەی تەواو بوویت

- تکایە بە کاغەزی تەوالێت کارتە باریکەکان بسڕەوە، بیان پێچەوە و بیانخە شوێنێك لە دەرەوەی تەنەکەی زبڵ. کارتە باریکەکان **مەخە** ناو تەوالێتەکەوە.

- کارتەکە دابخە و بیخە ژێر کارتە پرتە قاڵییەکە بۆ ئەوەی نەجووڵێتەوە.

- چەپکەکە لە شوێنێکی گەرم دامەنێ و **مەیخە** ژێر تیشکی هەتاو چونکە ئەمانە تێکی دەدەن. دوای بەکارهێنان، دەستت بشۆ.

## 5. وەرگرتنی نموونەی دوهەم

- لەسەر کارتی 2 رێکەوتی رۆژەکە بنووسە.

- بەکەڵك وەرگرتن لە هەر دوو پەنجەرەی ژێر کارتی 2 تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەوە.

## 6. وەرگرتنی نموونەی سێهەم

- لەسەر کارتی 3 رێکەوتی رۆژەکە بنووسە.

- بەکەڵك وەرگرتن لە هەر دوو پەنجەرەی ژێر کارتی 3 تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەوە.

**تێبینی:** پێویست ناکات سێ نموونە لەسەر یەك وەربگریت، بەڵکو دەبێت لە سێ پیسایی جیاواز نموونە هەڵبگریت.

**پێرستی کارە پێویستەکان**
ئایا نموونەکانت خستوەتە ناو هەر شەش پەنجەرکەوە؟

ئایا رێکەوتت لەسەر هەر سێ کارتەکە نووسیوە؟

ئایا چەپکەکە **لە ماوەی 14** رۆژ دوای وەرگرتنی یەکەم نموونە بەمەبەستی تاقیکردنەوەی بەدەستمان دەگات؟

**ئەگەر وەڵامەکەت بۆ هەرکام لەم پرسیارانەی سەرەوە نەخێرە**، تکایە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری پێوەندی بە ناوەندی پرۆگرامەکەوە بکە، تەلەفۆنی بەخۆڕایی: 0800 707 60 60.

**ئەگەر وەڵامەکەت بۆ هەرکام لەم پرسیارانەی سەرەوە بەڵێ یە**، چەپکەکە بخە ناو ئەو زەرفەی پوولی لێدراوە، سەرەکەی بگرە و بیخە ناو سندووقی پۆستەوە. زەرفەکە بەگوێرەی رێساکانی پۆستە ئامادە کراوە و ناردنی بێ مەترسییە. بەڵام بەمەبەستی پاراستنی کرێکارانی پۆستە تکایە لەوە دڵنیابە کە زەرفەکە پاك و خاوێنە.

### هیچ پرسیارێکت هەیە؟

بەم ژمارە **تەلەفۆنە بەخۆڕاییە** پێوەندی بە ناوەندی پرۆگرامەکەوە بکە **0800 707 60 60**

ئەو تەلەفۆنانەی بۆ ئەم ناوەندە دەکرێن بەوپەڕی نهێنییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. تکایە شەرم مەکە و بۆ وەرگرتنی هەر جۆرە زانیاری یان ئامۆژگارییەك پێوەندی بەم ژمارەیەوە بکە. کارمەندەکان ئامادەن یارمەتیت بدەن.





**لەبیرت بێت:**

چەپکەکە لە تیشکی خۆر و گەرما دوور رابگرە